پاپای ڤاتیکان بۆ تووندی ڕەخنەی لە ئیدارەی ترەمپ گرت لەسەر دیپۆرتکردنەوەی بەکۆمەڵی کۆچبەران



پاپا فرانسیس، پاپای ڤاتیکان بۆ تووندی ڕەخنەی لە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ سەرکۆی ئەمریکا گرت لەسەر دیپۆرتکردنەوەی بەکۆمەڵی کۆچبەران لەو وڵاتەداو و هەشداریدەدات کە ئەو کارە بە "بە خراپی کۆتایی دێت".

پاپا فرانسیس، ئەمە سەبارەت هەشداریدا بە حکومەتی ئەمریکا و دەڵێت، "بەرنامەیەک کە بە زەر خەڵک دیپۆرت بکاتەوە تەنها بەهۆی نایاسایبوون، کەرامەتی سروشتی خەیان لە زەوت دەکات و بە خراپی کۆتایی دێت".

ئەم هەنگاوەی پاپا فرانسیس لە ژەر ڕەشنایی سیاسەتی ئەمریکا دژ بە کۆچبەراندا هات کە لە نامەیەکدا بۆ قەشەکانی ئەمریکا، ڕەخنەی لە دەرکردنی بە زەرە ملەی کۆچبەران گرت و باس لەوکردوە ئەو هەنگاوە "زیان بە گروپە هەرە لاوازەکان دەگەیەنێت".

فرانسیس، یەکەم پاپای ئەمریکای لاتینە لە مێژودا، کە گرنگیدانی بە کۆچبەران کردە لە پێشینەی کارەکانی و داوای لە وڵاتان کرد پێشوازی لەو کەسانە بکەن کە لە ململانێکان، هەژاری و کارەساتەکانی کێشوەوا هەڵدێن، بیانپارێزن و یەکخستنەوەیان لەگەڵدا بکەن.

پاپا وتیشی، "چاوەڕوان دەکرێت حکومەتەکان بۆ باشترین شێوە ئەم کارە بکەن".